دکتور عبد الستار طاهر شریف

# کەسایەتی نەتەوەیی کورد

پێشەکی:

پێش ئەوەی بچینە ناو باسەکەوە بە پێویستمان زانی باسی زاراوەی کەسایەتی بکەین و خوێنەرانی ئازیز شتێکی لەسەر بدوێین.

(ئەلپورت) ئەڵێ: وشەی کەسایەتی Personality بە ئینگلیزی یان Personalte بە رەنسی وەیان Personlicheit بە ئەڵمانی تا رادەیێکی زۆر بە وشەی Personalitasی تینی ئەکا. کە لە چەرخەکانی ناوەندیی بەکار ئەهێنرا. بەڵام بە لاتینیی کۆن وشەی Persona بەکار هاتوە. ئەم زاراوەیەش پەیوەندی بە شانۆی یونانی کۆنەوە ەبووە. لەو سەردەمە ئەکتەرە یونانیەکان و رۆمانیەکان رووپۆشیان لەبەر ئەکرد و دەمو اویان پێ ئەشاردەوە بۆ ئەوەی ئەو دەورانە بیبێنن کە بۆیان دائەندرا. هەر وەها بۆ وەی لە لایەن بینەرانەوە نەناسرێنەوە. کەواتە کەسایەتیەکەی ئەو کەسایەتیە بووە کەوا ووپۆشەکە ئەیدابێ ی. وەیان پەردەیێك بو کەسە راستیەکە لە پشتیەوە خۆی شاردەوە. ئەم واتایەش لەگەڵ ئەو جۆرە پێناساندنانە ئەگونجێ کەوا ئەڵێ: کەسایەتی دیمەنی دەرەوەی سەیری ئەکرێ. کە واتە ئەو جۆرە ناساندنانەی بایەخ بە دیمەنی ەرەوەی کەسەکە زیاتر ئەدەن وەك لە دیمەنی ناوەوەی. پاشان دوای ماوەیێکی زۆر شەی (پرسۆنا)یان هەر بۆ ئەکتەرەکە بەکار ئەهێنا. لەگەڵ ئەوەشدا تائێستاش کۆمەڵێ ساندنی جۆراوجۆر داندراوە بۆ کەسایەتی بۆ نموونە ئەلپورت Allport پەنجا جۆر ساندنی بۆ داناوە هیچ کامێکیان بەوی تر ناکا. بەڵام لە ئەنجامدا ئەگاتە ناساندنێکی لە ەموو باوتر کەوا کەسایەتی رێکخستنێکی دینامی یە لە ناوەوەی تاك. بۆ ئەو پێرۆ ایکوفیزیکیانە کەوا شێوازی تایبەتی تاکەکە دیاری ئەکەن لە گونجاندنی لە گەڵ نگەکەی دا. (٥ : ل[٣٤٥]).

(مورتن پرنس) ئەڵێ (کەسایەتی کۆی ئامادەبونەکان و پاڵنەرو مەیل و ئارەزووە ومەکییە سەرەتاییەکان و ئەندامناسیەکانە. لەگەڵ ئەو مەیل و ئیتجاهانانەی کە لە ئەنجامی شارەزاییەوە فێری ئەبین).[٧]

به پێی بۆچونی فرۆید Freuds کەسایەتی لە سێ پێرۆی[١] سەرەکی پێك هاتووە: O (ئەو) Id و (من) Ego و (منی باڵا) super- eg سەرەڕای ئەوەی هەریەکێ لەم بەشانەی کەسایەتییە تایبەتەکان و ئەرکەکان و جۆری دروستبوونی تایبەتی خۆیان هەیە، کە هەر بەشەیان بە پێی ئەم تایبەتانەیان کار ئەکەن. بەڵام هەموو یەك ئەگرن و کار لە یەکتر ئەکەن بە جۆرێك توانینی جودا کردنەوەیان نی یە. رەوشتی مرۆڤ ئەنجامی کارتێکردنی ئەم سێ پێرۆیەیە. زۆر کەمیش روو ئەدا تا کە پێرۆیێکی بە تەنیا کار بکا بە بێ دوو پێرۆکەی تریان.

(ئەو) Id پێرۆی سەرەکی کەسایەتییە. ئەو کە واتە Id بریتییە لە بۆماوەکان و بوونە دەروونیەکان کە لای مرۆڤ دروست ئەبێ لە سەرەتای لە دایك بوونەوە تا ئەگا بە رەمەکەکان. کەواتە عەمباری وزەی دەروونی یە. فروید بە (ئەو) ئەڵێ، یان ناوی لێ ئەنا (واقعی دەروونی راستەقینە).

بەڵام (من) Ego دەر ئەکەوێ لەبەر پێویستییەکانی مرۆڤ وەك جۆنێتی مامڵەت کردن لەگەڵ برسێتیدا. کەسێکی برسی ئەبێ بە دوای خواردندا بگەڕێ و پەیدای بکاو بیخوا. تا بتوانێ خۆی لە شەتەکی برسێتیەکە قورتاربکا. کەواتە (من) دەزگای بەرێوەبەرایەتی کەسایەتییە.

**منی باڵا** super پێرۆی سێیەم و دوا پێرۆیە کە لە کەسایەتیەوە گەشە ئەکا، بەڵکو نوێنەری ناوەوەی بەهاکان و داب و نەریتەکانی کۆمەڵە. منی. (منی باڵا) قەڵغانی ئاکاری کەسایەتییە. هەمو ئەرکەکانی ئەوەیە ئایا فلانە شت راستە یان هەڵەیە، تا بتوانێ پێی هەڵبسێ. بە پێی بەهاکانی کۆمەڵەکەی.

بەشێوەیێکی گشتی ئەتوانین بڵێین (ئەو) دروستکراوەیێکی زیندەوەرییەو (من) یش دروستکراوەیەکی دەروونییە، (منی باڵا)یش دروستکراوەیێکی کۆمەڵایەتییە. بەڵام کەسایەتی بە پێی بۆچوونی (یونگ Jung, c.G) کەواتە کەسایەتی گشتی،

ن دەروون Psoche) وەك یونگ ناوی لێ‌ئەنا، لە چەند پێرۆیێك دروست ئەبێ،
رویێکی لەیەکتر جیا بەڵام کارێ‌کەر لە یەکتر سەرەڕای جیاجیایی‌یان. پێرۆ سەرەکیەکانی
ەسایەتی ئەمانەن:
من، نەستی کەسی‌و گرێ‌کانی، کۆی نەستی‌ی شێوە سەرەتاییەکانی ڕووپۆش
Persona) لە گەڵ ئەنیاو Anima ئەنیمۆس Animus، پاشان سێبەر shadow.
ەرەڕای ئەم پێرۆیانەش کە یەك لەسەر یەکی تریان ئیعتماد ئەکەن، (ئینجاهاتیش) هەیە،
ینجاهاتی کشانی Exraversion ئینجاهاتی گۆشە گیری Introversion لەگەڵ
زیفەکانی بیرکردنەوەو ویژدانو هەست‌کردن، دوای هەمویان (خۆ) هەیە (الذات)
ەمەش کەسایەتی گەشەکراوی تەواوە. (من) لای یونگ هۆشی هەستی‌یە. بەڵام نەستی
سی Personal Unconslious شوێنێکە بە (من)ەوە گرێ دراوە. ئەمیش بریتی‌یە
و شارەزاییانەی لە کۆنەوە هەستی بوونەو پاشان چەپاندراونو سەرکوپر کراونو لەبیر
ونەتەوەو پشت گوێ خراون.
بەڵام (گرێ‌کان) Complex بریتین لە کۆمەڵێکی ڕێکخراو، لە ویژدانو هزر[2]
Ideو بیرەوەریەکانی کە هەن لە نەستی کەسی‌دا. ئەم گرێ‌یانە وەك ناووك وانو کاری
زیان ئەکەنو کۆمەڵێ شارەزایی کۆ ئەکەنەوە.
نەستی کۆیی Collectiveunconscious، تێگەیشتنی نەستی کۆیی، یان ناکەسی
ێکە لە سەرەکی‌ترین سیماتەکانی بیردۆزەی یۆنگ لە کەسایەتی‌دا.
بەتایبەتی لەکاتی نەخۆشی‌دا باڵ ڕائەکێشێ بەسەر (من)و نەستی کەسی‌دا. وادەر
ەوێ نەستی کۆیی عەمباری شوێنەوارەکانی بیرەوەریە شاراوەکانی کۆنینەیەو مرۆڤ لە
باپیرانی دێرزەمانەیەوە بە ملیونەها ساڵ بۆی ماوەتەوە، تا ئەگا بە پشتەکانی باو باپیری
ئاژەڵ بوونە (بە پێی بۆچونی یونگ).
شێوە سەرەتاییەکانیش Archetypes بەدروست‌کەرەکانی نەستی کۆیی ئەوترێ‌و
ەمەڵێ ناویانیش لێ‌نراوە وەك:
شێوە سەرەتاییەکان یان زاڵ‌بووەکان dominats وەیان دیمەنە سەرەتاییەکان
Imag وەیان دیمەنە ئەفسانەییەکان Mythological Images یان Primodial
Imag لە گەڵ شیوەکانی ڕەوشت Behaviour Pattern شێوە (نمط) دیمەنێکی
ری باوو کشتی‌یە، جۆرە هەڵچونێکی زۆری تێ‌دایە. بۆ نموونە (شێوەی دایکی) وێنەی
ك پەیدا ئەکاو وەك دایکی ڕاستەقینە سەیری ئەکرێ. یان‌باشتر بڵێین منداڵ بینینێکی
ی پێشەکی لاپەیدائەبێ دەربارەی دایك بەگشتی، ئەمەش لایەنێکی بۆماوەییە. (٥:
١١٠ - ١١٤)
نامانەوێ لێرەدا لەمە زیاتر درێژە بە پێ‌ناساندنەکانی کەسایەتی بدەین، بەڵام ئەڵێین
ەرەڕای هەمو جیاوازی‌یەکانی ئەم پێ‌ناسینانە، لەوانەیە کەسایەتی کۆمەڵێ خاڵی تیا
کرێتەوە کە جێگای یەکگرتنە لە سەریان وەك:
— توانینە هۆشی‌یەکانو ئامادە تایبەتەکانی تاك.
— لایەنی هەڵچونی تاك.
— ئەو گونجاندنەی تاك لە ژیانی‌دا پەیدای ئەکا لەگەڵ ژینگەکەی‌دا، وەك دیمەنێك لە
نەکانی کەسایەتیێدا
— پاڵنەرەکانو[3] پێویستی‌یەکانو ئیتجاهاتەکانو بەهاکانو ئارەزووەکانی کە سنووری

ڕەوشتی تاك دیاری ئەکەن بە هێزە پاڵنەرەکانی ڕەوشت دائەندرێن.
٥ - لایەنەکانی لەشی تایبەت بەهەر تاکێك.

تەواوی‌و ڕێك‌و پێکی‌و گونجاندنی ئەم خاڵانەی سەرەوە لە گەڵ یەکتردا لە یەك شێوەدا، دیمەنی کەسایەتی تاك دیاری ئەکەنو مەرجیش نی‌لە ئەم کۆبوونەوەیە کۆبوونەوەیێکی بیرکاری‌یانە بێ. بەڵکو ئەنجامی کار لەیەك کردنی ئەم هۆیانەو تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ یەکتردا لە تاکە کەسێك‌دا، کەسایەتیەکەی دیاری ئەکەن.

## کەسایەتی نەتەوەیی کورد:

بابەتی کەسایەتی نەتەوەیی یەکێکە لەو بابەتە گرنگانەی دوای شەڕی جیهانی دووەمە کە مێشکی کۆمەڵناسەکانو گەلێ‌کەسانی تریشی خەریك کردووە بە بیرکردنەوەو لێکۆڵینەوەی کەسایەتی، کە ئەڵێین توێژینەوەی کەسایەتی نەتەوەیی، مەبەستمان دراسەکردنی هەرە زۆری (سیماتە) باوەکانی کەسایەتیەکەیە لە هەر کۆمەڵێك‌دا، بۆ پێش‌کەش‌کردنی شێوەیێکی گردی ئەم سیماتانە. لەوانەیە توێژە ریەم وەسفە قابیل بێ‌و لەسەر بنەڕەتی ئەم بۆچوونە بگاتە ئەنجامەکانی کەسایەتی نەتەوەیی یانیش بەوەندە ڕائەوەستێ‌و خەریکی دراسەتی بەراوردیی بێ لە نێوان کەسایەتی نەتەوەیی لە چەند کۆمەڵێکدا.

بە هەرحاڵ بابەتی کەسایەتی نەتەوەیی تا ئێستا جێگای لێکۆڵینەوەو وتوویژو، ڕیك نەکەوتنە لەسەر کۆمەڵێ لە لایەنەکانی، کەواتە تائێستا کۆمەڵناسەکان لەسەری یەکیان نەگرتووە... زاناکان تا ئێستا یەکیان نەگرتووە لەسەر سروشتی کەسایەتی نەتەوەیی‌و ئەو بەرنامانەی کە پێویستە لەسەری برۆن لە بواری دراسەت‌کردنی کەسایەتی نەتەوەیی. بۆ بەڵگە پرسیاری واهەیەئەڵێ: چۆن ئەتوانرێ کەسایەتی نەتەوەیی لە گەڵ بەهاکانو ڕەوشت‌و سیماتە کۆمەڵایەتیەکاندا جیاواز بکرێتەوە.

لە ڕاستی‌دا ناتەبایی‌یێکی زۆر هەیە لە نێوان توێژەرەکاندا لە سەر گونجاوترین زاراوەکانی کەسایەتی نەتەوەیی کە پڕ بە پێستی بێ وەك زاراوە، یان تاچ ڕادەیێك ڕاستیی زاراوەکە بەهای زانستی تیادا هەیە. (٦ : ل٤٠ - ٤١).

## مێژوی توێژینەوەی کەسایەتی نەتەوەیی:

مێژوی توێژینەوەی کەسایەتی نەتەوەیی ئەکرێتە دوو بەشەوە، یان باشتر بڵێین دابەش ئەکرێتە سەر دوو قوناغ‌دا:

ا - قوناغی بیرکردنەوەی دامەزراو لەسەر بیروڕای خشتی (النمطية) Stere Otypes.
ب - قوناغی زانستی، ئەم قوناغەش ئەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی شەڕی جیهانی دووەم‌و ڕێبازی بەرنامەیی‌و، شێوە تازەکانو باوەکانی زانستی کۆمەڵایەتی بەکار ئەهێنێ بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانی.
ج - قوناغی بیرکردنەوەی دامەزراو لەسەر بیروڕای خشتی:

ڕۆژنامە نووس‌و زانای ئەمریکی ناسراو (والتر لیپان) ئەم زاراوەیەی لە جیهانی

ەمەنی بەوە وەرگرتووە، کەواتە لەو خشت برەی (قاڵبەی) پیتەکانی چاپکردنەکانی بیْ
ەریْژرا، پاشان ئەم زاراوەیەی بۆ بابەتیْکی زۆر دورتر بەکارهینا، ئەویش لە بوارەکانی
ماهات)و بیرو ڕاکان، ئەگەر کردار، هزریەکان – کە بابەتی شارەزاییەکانیان بە
رەیێکی نەگۆڕ دائەمەزریْن – شیْوەییْکی وشك بن.

(لیپان) ئەڵیْ: لەم حاڵەتەدا – ئەگەر لە ڕوانگەی قاڵبە وشکەکانەوە بیر بکەینەوە –
کاتە ئیْمە بۆ یەکەم جار شتەکان نایبینین و پاشان بیانناسین، بەڵکو پیْشان شتەکان
اسین و پاشان لەدوورەوە ئەیانبینین.

ئیْمە گەلیْ شت لەم جیهانە بەرینە ئەقۆزینەوە، کە ئەو ژیاری یەی ئیْستا لە سیْبەری دا
ین و ئەحەسیْنەوەو بۆمالی بەجیْ هیْشتووەو پیْمانی ناساندوە، لەسەریان ئەڕۆین و
ەریان پیْ ئەکەین. کە زۆر جاری واهەیە لە قاڵبی وشك و مەیبودا دارپیْژراون ئاشکراشە
م ڕیْبازە لە جۆری بیرکردنەوە، پڕە لە هەڵەو کەم و کورتی.
ئەگەر وردبینەوە لە ئەورووپادا شوێنەواری ئەم ڕیْبازە لە جۆری بیرکردنەوە ئەکەوێتە
ش چاومان و میْژوییْکی پڕ لە جیاوازی نەتەوەیی ئەبینین لە هەندیْ ئاخافتنی ڕۆژانەی
ان ئەورووپاییەکاندا، یان لە وتارەکانی گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا، وتوویْژو ئەحکام بڵاو
کرێنەوە لەسەر جیاوازی لە نیْوان ئەڵمان و ئیتالیەکان، یان لە نیْوان بەلجیکیەکان و
لەندیەکاندا. بەڵکو لە نیْوان دانشتوانی باکورو باشوری ئیتالیادا، ئەمەش شتیْك نی یە
ەرسورهیْنەربیْ یان شتیْکی نامۆیی بیْ بەڵکو ئەتوانریْ بوتریْ کەوا هەر کۆمەڵیْکی
تەوەیی لە قۆناغیْکی زەمەنیدا هەندیْ قاڵبی ووشك و مەیبو دروست ئەکاو گەشەی
ێەدا. دەربارەی

وەکانی تر (وەك ڕاکانمان لەسەر ئینگلیز گوایا ساردو سڕن). لەگەڵ ئەوەش دا ئەم جورە
ایانەی بڵاوبوبون لە نیْوان جۆرەها کۆمەڵاندا دەربارەی کەسایەتی نەتەوەیی، دەرفەتی
راسەت کردنیان بە شیْوەییْکی زانستیانە ئەگەڕیْنەوە بۆ ساڵی ١٩٤٠. کەوا
ەمولدانیْکی ڕاستی و گورج و گۆڵ دەستی پیْکرد دەربارەی زانینی سروشتی جیاوازی یە
یاری یەکانی نیْوان کەسایەتیە نەتەوەییەکاندا بە ڕیْبازیْکی بەرنامەیی، بەم جۆرە
ەگوازینەوە قۆناغی دووەم لە قۆناغەکانی میْژوی تۆژینەوەی کەسایەتی نەتەوەیی. (٦:
٤ – ٤٢)
ئەگەر بگەڕیْینەوە بۆ کوردستان بە تایبەتی لە سەدەی حەودەیەم و هەژدەیەمدا دوای
ابەش کردنی کوردستان و ڕیْك کەوتنی ئیْران و تورکیا لە سەر میراتی کوردستان،
ەست کردنی نەتەوەی کورد بە ژیْر دەستیْتی و چەوساندنەوەیی نەتەوەی، ئەبینین دوای
ەم میْژوە بە ئاشکراو ڕوونی چاومان بە جیاوازی نەتەوەیی ئەکەویْ لە ئاخافتنی ڕۆژانەی
یْوان کوردو تورکەکان لە لایێکەوە یان لە نیْوان کوردو فارسەکانەوە لە لایێکی ترەوە، بە
ایبەتی لەو کتیْب و نووسراوانەی لەو سەردەمەوەو تائیْستاش بۆمان ماونەتەوە: چاومان بە
ەلیْ قسەو قسەلۆکی سووك سووك ئەکەویْ فارس و تورکەکان بە کوردیان وتووە
وردەکانیش زۆر جار وەڵامیان بە قسەو قسەلۆکی سووکتر داوەتەوە. بەم دواییەش
ۆیان لە گەلیْ نوکتەی ڕۆژانەی نیْوان کوردو عەرەب ئەبی کە بۆ یەکتری هەڵی ئەبەستن.

– قۆناغی زانستی:
کۆکردنەوەی ئەو زانیاری یە زۆرانەی لەسەر مرۆناسی کۆمەڵایەتی (الانتروبولوجیا
الاجتماعیة) لە لایەن توژەرەکانەوە (Gesearcher) دەربارەی کۆمەڵەکانی کە
ڕۆژئاوایی نین کۆکراونەتەوە تأسیریْکی زۆری هەبووە لەسەر فراوانبینی توژەرەکان بۆ بینینی
ئەو جیاوازی یانەی لە نیْوان گەلاندا هەیە لە زۆر بابەت و مەسەلەی گرنگی وەك:

١ – جیاوازی زمان.
٢ – جیاوازی خشتەکانی (انماط) زانیاری یەکانی کە سنوورو ناسینی ژینگە سروشتی و
کۆمەڵایەتیەکان دەست نیشانو دیاری ئەکەن.
٣ – جیاوازی خشتە هۆکاری یەکانو مەنتقیەکان. (المنطقیة).
٤ – خشتە نائاسایەکان، دەربارەی دەربڕینی بڕیارەکان لەسەر کۆمەڵە کۆمەڵایەتیە
جیاوازەکان.
٥ – خشتەی لێپرسراویەتی و خشتەی دەسەڵاتداریەتی.
٦ – خشتە جیاوازەکانی دەربڕینی دەروونی و ڕیْبازی شاردنەوەی هەستەکان.
٧ – جیاوازی لە ناساندنی ڕەوشتی و دەربارەی بەهاکان.

ئەتوانریْ بوتریْ کەوا ئەم بەیاناتە دەوڵەمەندە جۆراو جۆرانە، باڵی گومان لیْکردنی
ڕاکیْشاوە بەسەر (سیاتە) گشتی یە نەگۆڕەکاندا، کە باڵی بەسەر سروشتی دەروونی
مرۆڤدا ڕاکیْشابوو، هەروەها بەسەر عەناسیرە سەرەکیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوری و
ڕامیاری دا.
لەوانەیە توژەرەکان لەسەر ئەوە هەموو یەك بگرن کەوا شەڕی جیهانی دووەم خاڵیْکی
مەزنی ڕاپەڕیْنەر بو بۆ توژینەوەی کەسایەتی یە نەتەوەییەکان. چەند مرۆڤناسیْك – لە کاتی
شەڕدا – هزریْکی وایان دروست کرد کەوا تیْگەیشتنی سنوورە دیاری کراوەکانی ڕۆشنبیری
هەر یەکی لە ئیْمە.

بۆ جیاوازی لە نیْوان کەسایەتی یە نەتەوەییەکان گرنگی یەکی گەورەی هەیە لە تیْگەیشتنی
کۆمەڵە ڕۆژئاواییەکاندا. هەروەها باوەڕیان هیْنا کەوا تیْگەیشتنی بە هۆشیی سیاتە گشتی یە
هاوبەشی یەکانی شەڕ، لەوانەیە ببیْتە هۆی تیْگەیشتن و شی کردنەوەی پەرەسەندنە
کۆمەڵایەتیەکان و ڕامیاری یەکان کە ڕیْگەی خۆی کردووەتەوە لە نیْوان ئەم نەتەوانە
هەروەها باوەڕیان وابو کەوا شی کردنەوەی بەرنامەیی کەسایەتی نەتەوەیی لەناو کۆمەڵە
ڕۆژئاواییەکاندا، لەوانەیە ببیْتە هۆی پەیدا کردنی جۆرە بینینیْکی تایبەتی دەربارەی
ئەنگوتجەلەمەیی بەتۆرەییەکان (اللدوریة)و ناتەباییەکاندا، کە زۆر جاران ئەکەوتە نیْوان
تاکەکانی سەر بە کۆمەڵە نەتەوییە جیاجیاکان و لەناو سنوری وڵاتە هاوپەیمانەکاندا لەو
سەردەمەدا.
دراسات و توژینەوەکان یەك لە دوای یەك دەر ئەچوون لەسەر کەسایەتی نەتەوەیی
لەماوەی ساڵانی ١٩٤٢ تا ١٩٥٣ تەنها لە ئەمریکادا زیاتر لە دە (١٠) کتیْب دەرچووە لە
لایەن مرۆناسەکانەوە، کەوا باسی کەسایەتی نەتەوەیی ئەمریکیەکان و یابانیەکان و
چینی یەکان و ئەڵمانیەکان و ڕوسەکانیان کردووە.

گومانی تیٚدانی‌یە کەوا بەرژەوەندی رامیاری هەندیٚ وڵاتان وەك ئەمریکا، بەتایبەتی
ـانی پیٚوەیان ناوە کەوا خەریکی ئەم جۆرە دراساتانە بن، دراساتی کەسایەتی نەتەوەیی،
ـە شەری جیهانی دووەم بووە هۆی ئەوەی زیاتر پاڵ بە ئەمریکاوە بنیٚ بۆ ئەوەی یابانیەکان
ـناسن، بە ئامانجی زاڵبوونیانو سەرکەوتنیان لە شەڕەکەدا. (٦: ٤٣).

لە عیٚراقیش‌دا دوای دەست پیٚکردنی شەڕی نیٚوان عیٚراقو ئیٚراندا کاربەدەستانی
عیٚراق دەستیان کرد بە هاندانی کۆمەڵناسەکانو دەروونناسەکانو میٚژوو ناسەکان خەریکی
دراساتو توٚژینەوەی کەسایەتی ئیٚرانی یان فارسی بن، لە گەڵ کەسایەتی نەتەوەیی فارسی،
دوای ئەوەی هەستیان‌کرد کەوا کەلەبەریٚکی گەورە هەیە لە ئەرشیفو کتیٚبخانە
عیٚراقیەکانو عەرەبیەکان‌دا دەربارەی بابەتی کەسایەتی ئیٚرانی یان فارسی. بە تایبەتی
کەسایەتی فارسی وەك نەتەوەییٚك نەك ئیٚرانی، لە بەر ئەوەی زاراوەی ئیٚرانی ئەمڕۆ کۆمەڵیٚ
نەتەوە ئەگریٚتەوە یەکیٚ لەو نەتەوانە عەرەبیش ئەگریٚتەوە تا ئەگا بە کوردو بلوشو
ئازەریەکان. بۆیە پیٚویستە بڵیٚین دراسەتی کەسایەتی نەتەوەیی فارسەکان، نەك
ئیٚرانیەکان، کاتیٚ کە بمانەوی دراسەتی کەسایەتی نەتەوەیی ئیٚرانی بکەین، ئەو کاتە ئەبیٚ
سنوری باسەکە ئەم نەتەوانە هەر یەکە بەجیا دراسەت بکریٚن: (فارس، کورد،
عەرەب، ئازەری، بلوش... هتد). کەواتە ئەکەوینە هەڵەوەو هیچ سوود وەرناگرین لە
دراسەتیٚك دەربارەی کەسایەتی نەتەوەیی ئەگەر لە ژیٚر ناونیشانی (کەسایەتی نەتەوەیی
ئیٚرانی) بکریٚ. لەبەر ئەوەی لە سەرەتاوە لە مەسەلەکە تیٚناگەین.

کەواتە ئەمڕۆ لە عیٚراق‌دا پیٚویستی‌یەکی زۆر گرنگو مەزنمان هەیە بە دراسەتی
(کەسایەتی نەتەوەیی فارس) هەروەها بە دراسەتی (کەسایەتی نەتەوەیی کورد) یەکەمیان
بۆ ئەوەی کاربەدەستانی وڵات لە جۆری مامڵەتەکانیان لە گەڵ پیٚروٚی (نظام)ی ئیٚرانی‌دا لە
کاتی شەڕدا تووشی هەڵە نەبنو بڕیارەکانیان لە ریٚو شویٚنی خوٚی بیٚو دوای راگرتنی
شەڕەکەش هەرکاتیٚ راگەگیری - ئەوە گرنگ نی‌یە - ئیٚستك لە نیٚوان هەردوو گەلی
عەرەبو عەجەم نەشکیٚندریٚو دوژمنایەتییەکی میٚژوویی دوورو دریٚژ نەکەویٚتە نیٚوانیانەوە کە
نەتوانن وەك دوو دراوسیٚ پیٚکەکەوە بژین.

دووەمیان دراسەتی **(کەسایەتی نەتەوەیی کورد)** بۆ ئەوەی کاربەدەستانی وڵات لە
عیٚراق‌دا کە سەدەها ساڵە دوو نەتەوەی عەرەبو کورد پیٚکەوە ئەژین وەك براو کۆمەڵیٚ
بەرژەوەندی هاوبەشییان هەیە لە گەڵ یەکتردا، نەکەونە هەڵەوە لە بڕیارەکانیان‌دا
دەربارەی نەتەوەی کوردو چۆنیٚتی ژیانی هاوبەشی لە گەڵ یەکتردا. گومانی تیٚدا نی‌یە
نەبوونی ئەم دراساتانە ئەبیٚتە هۆی نەزانینی چۆنیٚتی پیٚکەوە ژیان لە وڵاتیٚك‌دا یان لە دوو
وڵاتی هاو سنووردا بە تایبەتی زۆر جاریش گوٚیان لە کاربەدەستان ئەبیٚ ئەڵیٚن ئەمە
سەدەرمانەو لە گەڵ ئیٚران‌دا دوو دراوسیٚینو خۆ ناتوانین باربکەینو وڵاتەکەمان
بگوازینەوە... کەواتە ئەگەر بارکردنو گواستنەوە مەحاڵە، خۆ دراسەت کردنی کەسایەتی
فارس مەحاڵ نی‌یە، بۆ ئەوەی بیانناسینو خۆمان لەگەڵیان‌دا بگونجیٚنین دوور لە شەڕو
ویٚران‌کردنی وڵاتی هەردوولا.

**دەوری چەپاندن** Gepression لە کەسایەتی‌دا:

مرۆڤ لە تەمەنی منداڵیەوە کۆمەڵیٚ شارەزایی زانیاری پەیدا ئەکا بە تایبەتی لە دەورو
بەری تەمەنی شەش ساڵان‌دا، دوای ئەو شارەزاییو زانیاری‌یانە لە ماڵەوەو لە گەرەك
قوتابخانەدا دوای چوونی بۆ قوتابخانە بۆ جاری یەکەم لە ژیانی‌دا... ئەم شارەزاییو
زانیاریانە کاریٚکی زۆر ئەکەنە سەر کەسایەتی منداڵەکەو بەتەواوی لە ئاکارو رەوشتی
رۆژانەی‌دا رەنگ ئەدەنەوە. بەڵام هەندیٚ شارەزاییو زانیاری تریش هەن بە حوکمی
ژینگەی کۆمەڵەکەی چ لە ماڵەوە بیٚ چ لە گەرەكو قوتابخانەبیٚ، لیٚی قەدەغە ئەکریٚو
ئەخریٚتە قاڵبی حەرامەکانەوە یان خانەی عەیبو شورەییو... هتد. وەك چالاکی
هۆکنی[4] و هەندیٚ جۆری پەیوەندی ریٚ پیٚ نەدراو لە گەڵ کچان‌دا. ئەم شارەزاییانە لە
جیاتی فیٚربونیانو ئەنجام دانیان وەك دەروونناسەکانی قوتابخانەی شی‌کردنەوەی دەروونی
لیٚکی ئەدەنەوە، لە نەستی منداڵەکە گیر ئەخۆنو ئەچەسپیٚنو بە هۆی چاوەدیٚری کردنی
کەسو کاریو ژینگەکەی ناتوانیٚ پیٚیان هەڵ بسیٚ، بۆیە یەکسەر لە نەستی‌دا ئەچەپیٚن.

ئەم جۆرە چەپاندنانە کار ئەکەنە سەر کەسایەتی منداڵەکەو لەگەڵیا ئەمیٚنەوە تا گەورەش
ئەبیٚ، ئەوکاتە بە تەواوی شوێنەوارەکانی لە کەسایەتی گەورەکە ئەبینینو ئەم جۆرە
چەپاندنانە سەدەها ساڵە لە کۆمەڵی کوردەواری‌دا لە باپیرە گەورەکانو باوکەوە وەك
بۆماوە بۆ منداڵی کورد ماوەتەوە، ئەوە لە دوای ئەوەو بۆتە شتیٚکی رەچەڵەکی... بەڵام
ئەم شارەزایی‌ئەو ئارەزووانە کە لە نەستی مرۆڤ‌دا ئەچەپیٚندریٚن لە هەر هەلیٚك‌دا کە بۆی
بسورِیٚ، یەکسەر دەریان ئەبڕیٚو لەزەتی خۆی وەرئەگریٚو خۆی تیٚرئەکا. بەم جۆرە
ئەبینین چۆن ئەم شارەزایی‌یە شاراوانە لە نەستمان‌دا ئەکەونە رووو کار ئەکەنە سەر
کەسایەتی‌هەریەکیٚ لە ئیٚمە.

ئەو کیٚشەیەی Conflict لە قۆناغی سەرەتایی منداڵیٚتی پەیدا ئەبیٚ، دەوریٚکی باڵا
ئەبینیٚ لە دروست‌بوونی کەسایەتی منداڵەکە دوای گەورەبوونی لە قۆناغی گەورەیی‌دا...
ئەو شتانەو ئارە زوویانەی منداڵ لە تەمەنی منداڵیٚتی‌دا ئەیەویٚو دەستی ناکەویٚ یان لیٚی
قەدەغە ئەکریٚ، هەوڵ ئەدا لە تەمەنی گەورەیی‌دا وەك لاو یان پیاو بیانهیٚنیٚتە دیو
ئەنجامیان‌بداو خۆی تیٚربکا... بەم جۆرە وزە دەروونیەکانی بە تاڵ ئەکاتەوەو لە نگەری
کەسایەتیەکەی پارسەنگ ئەبەستیٚتەوە.

ئەو منداڵانەی ئەنریٚتە قوتابخانەوەو لە تەمەنی شەش ساڵانەوە، لە ژینگەی ماڵەوەیان‌دا
ئەگوازنەوە بۆ ژینگەییٚکی تازە، ئەویش ژینگەی قوتابخانەیە.. قوتابخانەش بە دەوری خۆی
کۆمەڵیٚ زانیاریو شارەزایی تازەتر لە هی ماڵەوەی منداڵەکە فیٚری‌ئەکا تیٚکەڵاوبوونی
منداڵەکە لە گەڵ کۆمەڵیٚ منداڵی تری هاو تەمەنی لە قوتابخانەداو فیٚربوونی شارەزاییەکانو
زانیاری‌یە تازەکان، کاریٚکی گەورە ئەکەنە سەر کەسایەتیەکەیو ئامادەی ئەکەن بۆ
قۆناغیٚکی نوی‌ترو دواتر، بە پیٚی پیٚویستی کۆمەڵەکەیو ژینگەکەی، کە تیایا ئەژیٚ...

ڕەدا سێ ژینگەی گرنگ دەور ئەبینن لە دروستکردنی کەسایەتی منداڵەکە، ژینگەی ماڵەوەو گەڕەکو قوتابخانە، کەواتە دایکو باوکی‌و براو کەس‌و کاری لە ماڵەوە لەگەڵ هاوڕێکانی لە گەڕەکەیان‌و هاوڕێکانی قوتابخانەکەی لەگەڵ مامۆستاکانی، ئەمانە هەمویان دەوری سەرەکی خۆیان ئەبینن لە جۆری دروستکردنی کەسایەتیەکەی.

گومانی تێدا نی‌یە منداڵی کورد لەساڵانی پێشو، ئەتوانین بڵێین لە پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا ژمارەیێکی زۆر کەمیان هەلی ئەوەیان هەبوو بچنە قوتابخانەو لە قوتابخانەکان‌دا بخوێنن، خۆ هەر لە دێهاتەکانی کوردستان‌دا قوتابخانە نەبوەو ئەگەر چەند قوتابخانەیێکیش هەبوێ لە مەڵبەندی قەزاو ناحیەکان‌دا هەبوەو ئەو قوتابخانانەش ژمارەی قوتابیانی بە پەنجەی دەست ئەژمێردران، ئەمە لە کوردستانی عێراق‌دا خۆ لەکوردستانی تورکیاو ئێران‌و سوریادا منداڵی کورد لە دێهاتەکانی‌دا بە تەواوی بێ بەش بوونە لەخوێندن بەهۆی نەبوونی قوتابخانە لە دێهاتەکانیان‌دا. کەواتە لەو سەردەمە نیزیکی سی ساڵ لەمەو پێش لە کوردستان‌دا تەنها ماڵەوەو خێزان دەوری سەرەکی ئەبینی لە پەروەردە کردنی منداڵی کورد، وەك هەمو کۆمەڵێ لە کۆمەڵە دواکەوتووەکانی جیهانی سێ‌یەم.. کە باسی دەوری مزگەوت‌و مەلا ناکەم. لەبەر ئەوەی ژمارەی ئەو منداڵانەی لە مزگەوت ئەیانخوێند ئەوەندە کەم بوونە ناتوانین گرنگێکی ئەوتۆی بدەینێ لە ڕووی دروستکردنی کەسایەتی نەتەوەیی کورددا.

بەڵام ئەمڕۆ مەسەلەکە گۆڕاوەو بەپێی پێشکەوتنی ژیاری پەروەردەو پەیەلە پەرەسەندن‌و گەشەکردنی زبان‌و پێویستی‌یەکانی ژیان لە جیهان‌دا، خێزانی کورد توانیی ئەوەی نی‌یە بە تەنیا بەدەوری پەروەردەکردنی منداڵی کورد هەڵ بسێ‌و ئامادەی بکا بۆ ژیان لە ژینگەی ئەمڕۆدا.

کاتێ کە دراسەی کەسایەتی نەتەوەیی کورد ئەکەین بێ گومان مەسەلەی بێ بەش بوونی منداڵی کورد لە خوێندن‌و پەروەردەکردنی لە قوتابخانەدا کارێکی زۆری کردوەتە سەر کەسایەتی نەتەوەی کورددا.

دەربارەی ژمارەی قوتابخانەکان‌و قوتابی‌یە کوردەکانی کوردستانی ئێران دوکتور عبد الرحمن قاسملو ئەڵێ:

«سەدی هەشتای دانیشتوانی کوردستان نەخوێندەوارن. حکومەتەکانی ئێران‌و تورکیا هیچ هەنگاوێکیان بۆ بڵاوبوونەوەی خوێندنی تازە لە نێو کورددا هەڵنەهێناوە، لە کوردستان زانستگە هەر نیەو زۆر کەمتر لە پێداویستی دانیشتوانن. ئەگەر بۆ نموونە ناوچەی مەهاباد لە ئێران بخەینە بەرچاو دەبینین کە ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە ٢٥٠ هەزار کەس، لە کاتێك‌دا لە ساڵی ١٩٥٤ – ١٩٥٥ ژمارەی قوتابخانە سەرەتاییەکانی کوڕان ٨ هەشت قوتابخانە بووەو هی کچانیش (٤) چوار. قوتابخانە ناوەندی‌یەکانیش (٤) قوتابخانەی کوڕان‌و (١) یەك قوتابخانەی کچان. ژمارەی قوتابیانی سەرەتایی کوڕان ١٦٥٠ قوتابی بووەو کچانیش ٥٥٨ بەڵام ژمارەی قوتابیانی قوتابخانە ناوەندی‌یەکانی کوڕان ٣٣٩ قوتابی بووەو کچانیش (٥٦) پەنجاو شەش.

لە هەموو کوردستان‌دا نیزیکەی ٣٠٠ قوتابخانەی سەرەتایی‌و ٣٠ قوتابخانەی ناوەندی هەیە، واتە قوتابخانەیەك بۆ زیاتر لە دە هەزار کەس.. پاشان ئەڵێ وەزعی خوێندنی ژنان زۆر لەوەش خەراپترە لە شار ٩٥٪ی ژنان‌و لە لادێ هەموویان نەخوێندەوارن(٢؛ل ٣٥ – ٣٦)

هەروەها دوکتور قاسملو دەربارەی خوێندەواری لە کوردستانی تورکیادا دەست نیشان کردووە کەوا لە ٧٥٪ تا لە ٨٠٪ی دانیشتوانی تورکیا نەخوێندەوارن، لە کاتێك‌دا کە لە هەموو تورکیا ئەو نیسبەتە سەدی پەنجایە، ٥٠٪. لەناو ژنان ڕادەی نەخوێندەواری دەگاتە سەدی نەوەت ٩٠٪ تا لە ٩٨٪. کەچی لە هەموو تورکیا لە سەدی حەفتا کەمترە، ٠٠ .

لە ئەنجامدا ئەبینین مەسەلەی نەخوێندەواری تا چ ڕادەیێك کا- ـەوتە سەر کەسایەتی نەتەوەیی کوردا ، ئایا هەر مەسەلەی ئەم نەخوێندەواری نەبوو بووە هۆی ئەوەی گەلی کورد لە ساڵی ١٩٤٦ لە کوردستانی ئێران‌دا نەتوانێ کۆمارە نۆبەرەکەی بپارێزێ لە ڕووخان‌و مانەوەی گەلی کورد لە سەدەی بیستەم‌دا بەبێ کیانێکی سەربەخۆ؟ لێرەدا نامانەوێ پەنجە درێژبکەین بۆ هۆیەکانی تری مەسەلەکە، لەبەر ئەوەی بابەتەکەمان پەیوەندی بو بە خوێندن‌و خوێندەواری‌و قوتابخانەوە هەیە لە ڕووی دروستکردنی کەسایەتی نەتەوەیی کوردا، کەواتا بەپێی بیردۆزەکەی یۆنگ ئەم نەخوێندەواری‌و دواکەوتوویی‌یەی سەدەها ساڵانی پێشوو کاری کردوەتە سەر کەسایەتی نەتەوەی کورد.

بمانەوێ یان نەمانەوێ ئەمە ڕاستی‌یێکە بەقسەی زل‌و سنك دەرپەڕاندن پێیان ناشاردرێتەوە... یەکێ لەو مەسەلە هەرە زەقانەی نەخوێندەواریمان کە ئەمرۆ پێیانەوە دیارە، ئاوەدانی‌و ڕوو کردنە تەکیەی شێخەکانە لە کوردستان‌دا، بە هەزارەها دەرویش‌و مورید وازیان لە کارو کاسبی هێناوەو لە قوژبنی تەکیەکان کەوتوونە، یان کارو کاسبیش بکەن هەرچی‌یان دەست بکەوێ بۆ گیرفانی شێخی ئەبەن‌و ماڵ‌و منداڵەکانیانیش بە برسێتی ئەمێننەوە، لەکاتێك‌دا بەچاوی خۆیان وەزعی شێخەکانیان ئەبینن لەقەسرو کۆشك‌و باڵەخانە ئەژین‌و سواری تازەترین گەروکێش ئەبن.

ئەوانەی باوەڕیان بە شێخ‌و جادوو شتی پڕو پووچ هەیە بمانەوێ یان نەمانەوێ نیسبەتێکی زۆرن لە دانیشتوانی کوردستان‌دا.. هەروەها کەسایەتی ئەم ژمارە زۆرەش چەند خشتێکن لە دیواری کەسایەتی نەتەوەیی

لەم ڕووەوە خاتوو ڕۆدینکۆ لە پێشەکی کتێبەکەی مەلا محمودی بایەزیدی (داب‌و نەریتی کوردەکان) نووسیویەتی ئەڵێ:

مەلا محموود بەشێکی دەربارەی باری ئابوری کوردە موسڵمانە کۆچەریەکان تەرخان کردووە کە لە تورکیا ئەژین لە (کۆمەڵە کۆچەر – بازرگان – کاسبکار – پاسەوان، فەرمانبەر، مزگەوتە گەورەکانی کوردە دەرەبەگەکان، یاسای سیستمی هۆزایەتی، پێك هاتوون، کەرەسەی کولتوری‌یان لە (خانوو دروست کردن – چەك – ئەسپ) پێك هاتووە دەستووری خو ڕەوشت‌و ئاهەنگیان (خوازبێنی، نیشانکردن، شایی، خەتەنە سووران) مەراسیمی خزمایەتیشیان بریتی‌یە لە (خوێندان) (توڵەسەندن)، شیربایی،... پەیوەندیان لەگەڵ ئافرەت‌و شێخ‌و پیریان‌و هاریکاری خزم‌و کەسوکارو لەگەڵ چەند باوەڕێکی پڕو پوچی پێشنیان کە تاکو ئێستا لەناو کوردەکان‌دا باوە. گەلی کورد لە پەخشانەکەی مەلا

هەواڵنامەی کتێب
&
KURD ARSHIV

مووددا وەکو چاودێرێکی بە وەفای ئەبینیٚ کە هەڵگری داب‌و نەریتی باو باپیرانمانی ستووە، مەلا مەحموود ئەوە نیشان ئەدات کە کوردەکان میوان پەروەرو ئارام‌گرو دەخت‌کەرن، سنگ فراوان‌و سوارچاکن. لەگەڵ ئافرەتیش‌دا بە پیٚ‌ی نەریتیان سوکەوت ئەکەن، بەوەفان، ئازاو ڕەوشت بەرزو هۆشێکی بەرزیان هەیە. بەشێك لایەنە خراپانەی کە نووسەر خستوێتە ڕوو دەربارەی چەتەو ڕێ‌گرییە، کە ئەو ئەبەن‌و کوردەکان ڕووت ئەکەنەوە، ئەمانە بەشێك لە کوردە کۆچەرییەکانن کە ندی‌یان بە دانیشتوانی شارەوە نی‌یە، کەواتە (کوردەکان‌و بێجگە لە کوردەکان) ەر ئەو دوژمنایەتی‌یە ڕوون ئەکاتەوە کە لە مێژەوە لە نێوان کۆچەرییەکان‌و شینەکان هەبووە. نووسەر، کوردە کۆچەریەکان وەك چەتەو ڕێ‌گرو وەك مرۆڤێکی و سیخور نیشان ئەدات، مەلا مەحموود ئەو ڕقەبەرایەتیەی ئەم دوو لایە ئەخاتە ڕوو دە کۆچەری‌یەکان‌و کوردە نیشتەجیٚ‌یەکان کەم تێکەڵیٚ یەکتر دەبن... کوردە رییەکان لایان وایە خەڵکی شار بیٚ‌کەڵك‌و ترسنۆکن‌و هەتا دەڵێن ئەو منالأنەی لە ۆرانەکان[٥] بوون هیچ نین. بیٚ کارو ترسنۆك‌و بیٚ سوودن، نیشتەجێگاکانیش ی: منالأنی ژنە کوردە کۆچەریەکان ناشرین‌و قەبە (کەتەن)و دزو لووت بەرزو لەخۆ .. هەر بۆیە ئەم دوو لایە پێکەوە ناگونجێن‌و لە یەکتری تیٚ ناگەن، هەروەها لە زۆر ی‌دا خۆشیان لە یەکتری نایە. لەگەڵ ئەمانەش‌دا باوەڕیان بە یەکتری نی‌یە.

ل (١١ - ١٢)

ۆچوونەکانی مەلامەحموودی بایەزیدی دەربارەی داب‌و نەریتەکانی گەلی کورد بە جێگاکان (کەواتە شارنشینەکان)و کۆچەری‌یەکانیەوە پێویستی بەدراسەت‌و وەیێکی زانستی‌یانە هەیە، بەتایبەتی بۆ زانینی ڕاستی‌و ناڕاستی بۆچوونەکانی یان بۆ هۆیەکانی ئەو داب‌و نەریتانە بەچاك‌و خەراپیەوە. لەبەر ئەوەی ئەم داب‌و نەریتیانە کی گەورەو زۆرن لە دیواری کەسایەتی نەتەوەی کورددا. لە ئەنجامی ئەم جۆرە اتانە بە تەواوی ئەتوانێن سنووری کەسایەتی نەتەوەی کورد دەست‌نیشان بکەین بە ك بە تەواوی جیاواز بکرێتەوە لەگەڵ کەسایەتی نەتەوەیی هەر نەتەوەیێکی تر. ووبارە ئەگەڕێنەوە بۆ پێویستی دراسەت‌کردنی قۆناغەکانی منداڵ، لەبەر ئەوەی ئەم دراساتانە ناگەینە ئەنجامێکی زانستی‌یانە. منداڵ کاتیٚ ئەگاتە قۆناغی ەکاری، ئەو کاتە بە منداڵی نامێنیٚ‌و ئەبێتە پیاوو وەك ئەندامەکانی تری خێزانەکەی‌و ەکەی بەرپرسیار ئەبیٚ، کەس‌و کارەکانی چاوەڕوانی یارمەتی دانی‌و هاریکاری ئەکەن لە گەڵیان‌دا. هەرزەکار لە قۆناغی هەرزەکاری دەست‌ئەکا بە گەڕان بە خۆی‌دا، هەروەها ئەیەویٚ هاوڕیٚ‌کانی بە چاوی گەورە سەیری بکەن نەك بەچاوی ەکەی جاران.

ە ئەنجامی ئەو دراساتانەی ئائیستا کراون دەرکەوتووە کەوا ژینگەی جوغرافی دەوری ئەبینیٚ لە زوو پیٚ‌گەیشتنی منداڵ بە قۆناغی هەرزەکاری. لە وڵاتە ساردەکان‌دا ەکارەکانیان بەلای کەمەوە شەش مانگ دواتر ئەکەون لە هەرزەکارەکانی وڵاتە ەکان. هەروەها دانشتوانی دێهاتەکان زوتر پیٚ ئەگەن بە گوێرەی دانشتوانی

کان. ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ هۆی چڵکن بوونی ژینگەی شارەکان (تلوث البيئة). ەردوو قۆناغی منداڵێی‌و هەرزەکاری کە مرۆڤ پیٚ‌یدا تێپەڕ ئەبیٚ، بڕینێ لە

ئامادەکردنێکی بەردەوام بەرەو پلەی گەیین‌و کەسایەتی لە ئەنجامی کۆمەڵیٚ هۆی بۆماوەیی (الوراثیة) کە لە ئەنجامی یاساکانی گەشەکردن کاری خۆیان ئەکەنە سەر مرۆڤ لەگەڵ هۆیە ژینگەییەکان‌دا بە هەموو هۆیە جیاجیاکانی کارتێکردنەکانی‌و پەیداکردنی ژینگەیێکی گونجاو و هەموو پێداویستەکانی قۆناغەکانی گەشەکردنی تیٚ‌دا هەبیٚ، دەوری خۆی ئەبینیٚ لە بەردەوام‌بوونی عەناسرەکانی کەسایەتی‌و بتەوکردن‌و بیٚ گەردبوونی. بوونی ئاوو هەواێکی (المناخ) خێزانیی کە بایەخ بە پێویستی‌یەکانی مایەکێتی‌و واتایی منداڵەکە بدا، باشترین زامنی گەشەکردنی کەسایەتی‌یە. کەسایەتی‌یەکی لەنگەر بەستوو ڕێك‌ویێکی بیٚ گەرد. ماڵ‌و خێزان وەك یەکەم شانەی کۆمەڵایەتی کە باوەش بۆ منداڵ ئەکاتەوە، یەکەم دەزگاشە بایەخ بە پەروەردەی ئەدا.

بڕیارو حوکم دان لەسەر کەسایەتی مەسەلەیێکی ناسکەو پێویستی بە زانین‌و تێگەیشتنێکی زۆرە لە بواری بیردۆزەکان‌دا کە باسی کەسایەتی‌یان کردووە، پێویستی زانینی عەناسرەکانی‌و دینامیەکانیەتی، بەڵکو پێویستی بە یەکێکی شارەزا هەیە لەم بوارەدا بە تایبەتی لە ئەزموونەکانی پێوانەی دەروونی‌دا، بەتایبەتی زانینی کەسایەتی‌و چۆنێتی‌و هۆیە کارتێکەرەکانی لە هەموو قۆناغەکانی تەمەن‌دا، لەگەڵ چۆنێتی شی‌کردنەوەیان‌و دەست‌نیشان کردنی عەناسرەکانی دروستکەری کەسایەتی تا گەیشتن بە تێگەیشتنی کەسایەتی‌یەکە. کەواتە شارەزایی تەواوی (بیردۆزە کەسایەتیەکان) بیٚ، زۆر گوێیان لیٚ ئەبیٚ یان چاومان بە هەندیٚ نووسین ئەکەوی‌و ئەڵیٚ:

فلانە کەس کەسایەتی‌یەکی بە هێزی هەیە، یان کەسایەتی‌یەکی لاوازی هەیە، وەیان فلان دیکتاتۆرە یان فلانە کەس کەسایەتی نی‌یە ئەم جۆرە بڕیاردانانە لەسەر کەسایەتی ئەم‌و ئەو بەبیٚ دراسەت‌و تاقیکردنەوەو پەنا بردنە بەر تاقیکردنەوەیێکی زانستی‌یانە، زوربەی زۆریان هەڵە دەرئەچن‌و دوورن لە واقعیدا

کەسایەتی چوارچێوەیێکی دەروونی گشتی‌یە بۆ کۆمەڵیٚ ڕەوشت‌و هەڵچوون‌و میزاج‌و جۆری ئاخافتن‌و دەربڕینی ڕاو... هتد. بۆ شی‌کردنەوەی گشت ئەم لایەنانە لای هەر کەسیٚ، پێویستی‌مان بە یەکێکی پسپۆڕ هەیە لە ئەنجامی بەکارهێنانی ڕێبازێکی زانستی‌یانە شی‌یان بکاتەوە، لەگەڵ بەردەوام بوونی تێبینی‌یەکانی.

**دوای ئەم بۆچوونانەو پەنا بردنە بەر کۆمەڵیٚ بیردۆزەی دەروونی‌و کۆمەڵایەتی‌و مرۆنامی‌و ئابوری**، دێینە سەر ڕچەکەمان‌و پرسیاریٚ لە خۆمان ئەکەین‌و ئەڵێین، ئایا **کەسایەتێکی کوردی هەیە یان نا، کەسایەتێکی یەك‌گرتوی کورد؟** ئایا جیاوازی هەیە لە **نێوان کەسایەتی گەلی کورد** لە کوردستانی ئێران‌و عێراق‌و سوریاو تورکیادا؟

**ئەم پرسیارانەو کۆمەڵیٚ** پرسیاری تر، کە لە ناوەڕۆکی ئەم نووسینەمان‌دا باسمان **کردووە، وەك جیاوازی** لە نێوان شارنشینەکانی کوردستان‌و لادیٚ‌یەکان‌دا، یان لە نێوان **شارنشینەکان‌و کۆچەرە** کوردەکان‌داو باسی تیرو تواڵجەکانی هەردوو لایانمان کردووە

بەرابەر بە یەکتری. یان جیاوازی لە نێوان دەرەبەگەکان‌و شێخەکان‌و جوتیارەکانی کوردستان‌و کارتی‌کردنی ئابوری‌و جۆری ژیانیان لەسەر کەسایەتیەکانیان‌دا.

**هەر بۆیە لەکاتی باس‌کردنی کەسایەتی کوردی ناپیٚ بوونی شێوە چڵەکانی ئەم کەسایەتی‌یە لە ناو کۆمەڵیٚ کوردەواری‌دا پشت گویٚ بخرێن. وەك (لویس کامل) باس ئەکا لە (کەسایەتی کۆچەری‌و لادی‌و شارنشینی) (٣:ل٥٥٢ - ٥٧٣)**

ئێمەش لەسەر هەمان بۆچوونی (لویس کامل) ئەڵێین ئەتوانین کۆمەڵگاکانی کوردی
م چەرخەدا دابەش کەینە سەر سێ جۆری سەرکیەوە، هەر جۆرەیان تایبەتە
مەڵایەتیەکانی و دەروونیەکانی و ئابوریەکانی دیارو ئاشکران، سەرەڕای ئێك هەڵکێشی
انیان، زوربەی زۆری دانیشتوانی کوردستان دەشتەکی و لادێیین و خەریکی کشتوکاڵ و
وتیارین، کەمینەیێکی بە تواناو بەرەو زیادبوون ئەڕۆن دانیشتوی شارەکانن و ئەمانە
ەریکی چالاکی رامیاری و ئابوری و رۆشنبیرین. ئەم تاقە لە تاقەکانی تر زیاتر جۆری
ن و رۆشنبیری وڵاتانی دەرەوەو دراوسێ کاریان تێ ئەکا بەهۆی پەیوەندیەکانیان و
توچۆکردنی دەرەوەیان، بەشی سێیەم کۆچەریەکانن و ئەمانەش رۆژ لە دوای رۆژ لە
رق ئەدەن و بەرەو نەمان ئەچن.

بە هەر حاڵ سەرەڕای ئەمانەش هەموو، چەند هۆیێك هەیە ئەتوانین بڵێین باڵی
سەر کەسایەتی نەتەوەیی کورددا گرتووەو هەمویانی یەك خستووە، هۆیەکانیش
مانەن:

– زمانی کوردی: نەتەوەی کورد لە هەر چوار پارچەکەی کوردستاندا بە یەك زمان
سە ئەکەن، ئەویش زمانی کوردییە. هەر چەندە ئەم زمانە چوار شێوەی (لهجة)ی
ەرەکی هەیە. بەڵام لە بووی ئەم شێوانە. هیچ جیاوازیێکی نییە لەگەڵ زوربەی زۆری
مانەکانی دونیادا. وەك زمانی عەرەبی کە چەندها شێوەی جۆراو جۆریان هەیە، زمانی
نگلیزی... هتد ئەم زمانە کاری کردۆتە سەر کەسایەتی نەتەوەیی کورد، هەمو کوردێك
هەر شوێنێکی کوردستاندا بژێ. شانازی بە زمانەکەیەوە ئەکاو زمانەکەش کاری
ردۆتە ناخیەوە. بەتایبەتی لەبەر ئەوەی هەست بە جۆرە چەوساندنەوەیێکی نەتەوایەتی
کا. بۆیە زیاتر کار تێ کردنی زمانەکەی لەسەر کەسایەتیەکەی پێوەی دیارە. لەوانەیە
کێك عەرەب لە عێراقدا بەم جۆرە ئاشکراییەو ڕوونیە پێوەی دیار نەبێ، لەبەر
وەی کێشەی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی نییە نە لە عێراقداو نە لە وڵاتە عەرەبیەکانی
دا. خۆ کوردێکی کوردستانی تورکیا کارتێکردنی زمانەکەی لەوانەیە لە ئاینەکەی زیاتر
اری کردبێتە سەر کەسایەتییەکەی. لەبەر ئەوەی زمانەکەی بە کوردی لێ قەدەغەکراوە
لایەن کاربەدەستە تورکەکانەوە.

– ئاینی ئیسلام: ئاشکرایە زوربەی زۆری کورد ئەمرو موسڵمانن و نیزیکی هەزارو سێ
سەد ساڵ زیاترە بوونەتە موسڵمان. گومانی تێدا نییە ئەم ئاینەش ئاینی ئیسلامیەتی
اریکی گەورەی کردۆتە سەر کەسایەتی نەتەوەیی کورد وەك ئەو داب و نەریتانەی دوای
وونیان بە موسڵمان هاتۆتە ناو ژیانی کوردەوارییەوەو نامەوێ لێرەدا لەسەریان بڕۆم، بەڵام
ەوری سەرەکی ئاینەکە لە یەکخستنی کەسایەتیەکەیە، کەسایەتی نەتەوەیی کورد.

٣ – مەترسی کردن لە فەوتان و توانەوەی نەتەوایەتی: ئەم هۆیەش بە تایبەتی لە دوای
شەڕی جیهانی دووەمەوە بۆتە هۆیێکی گرنگ لە یەکگرتنی کوردو بیرکردنەوە لە یەکبوون و
ەرەنگاربوونەوەی ئەو شاڵاوانەی لە دراوسێکانیانەوە بۆیان ئەبرا بۆ خستنە ژێر دەستی
وڵاتەکەیان و پاشانیش تواندنەوەیان لە بۆدەقەی نەتەوەکانی خۆیان. ئەم هۆیە لە دوو
هۆیەکانی سەرەوە دەوری کەمتر نییە لە یەکخستنی کەسایەتی نەتەوەیی کوردو جۆرە
رەوشت و ئاکارێك و هەڵوێستێك زۆر نیزیك لە یەکتری لای زوربەی زۆری کورد پەیدا
بکاو شوێنەواریان لە کەسایەتی نەتەوەیی دیارو ئاشکرا بێ. ئەم هۆیەش وای کردووە کەوا
جیاوازی نێوان خێڵەکان و دانیشتوانی شارەکان و دیهاتەکان لە کوردستاندا زۆر تەسك و
کەمتر بێتەوە لە ساڵانی پێش شەڕی جیهانی دووەمدا.

ئەم بۆچوونانەو هەمو بۆچوونەکانی مرۆناسیش ئەوە ناگەیێنێ کەوا جیاوازیێکی زۆر
هەبێ لە نێوان گەلان و میللەتان و نەتەوەکانی هەموو سەر ڕووی زەمیندا، بەڵکو لە
یەکچوونێکی زۆر هەیە لە نیوانیاندا (٤: ل١٥).

هەر بۆیە ئەو دراساتانەی هەوڵی ئەوە ئەدەن گەلانی سپی بخەنە سەروی گەلانی
پێست ڕەشدا، یان تایبەتێکی باڵا بەگەلێك بدەن و تایبەتێکی نزمیش بە گەلێکی تر
بدەن، ئەو جورە دراساتانە بە دراساتی رەگەز پەرستی لە قەڵەم ئەدرێن.

## پەراویزەکان :

پێرو: نظام  هرز: فکر  هوکێ: الجنسي

پاڵنەرەکان: الدوافع  ژنە شارییەکان: ئەوانەی لە شار دادەنیشن.

## سەرچاوەکان:


١ – بایەزیدی. مەلا محمود. «داب و نەریتی کوردەکان» وەرگێڕانی لە ڕووسیەوە – دوکتورە شکر
رسول – دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی. چاپەمەنی و اوفسێتی – العدالة – بەغدا – ١٩٨٣
٢ – قاسملو. عبد الرحمن «کوردستان و کورد» وەرگێر – عبد الله حسن زادە – بڵاوکراوەی بنکە
پێشەوا – ١٩٧٣.
٣ – کامل. لویس. «الشخصية البدوية. في: «قراءات في علم النفس الاجتماعي في البلاد العربية»
القاهرة – الهيئة العامة للتأليف والنشر مجلد ٢. ١٩٧٠.
٤ – لنتون. رالف «دراسة الإنسان» ترجمة عبد الملك الناشف – مؤسسة فرنكلين – للطباعة والنشر
بيروت – نيويورك. ١٩٦٤.
٥ – هول. كالفين و لیندزی. جاردنر «نظريات الشخصية» ط[٢] – ترجمة د.فرج احمد فرج واخرو
دار الشايع النشر – القاهرة – ١٩٧٨.
٦ – ياسين. السيد «الشخصية العربية + بين صورة الذات ومفهوم الاخر» ط[٣] دار التنوير للطباعة والن
– ١٩٨٢.

. Stanger (psychology of personality) Mc. Graw — Hill Book
Company Inc. New York. 3rd , 1961.
. Kahn, Margaret. (Children of the Jine)
n Search of the Kurds and Their Country sea view Books — New
York — 1980.
. Hjelle, Larry A. and Ziegler, Daniel J. (personality Theories) Basic
Assumptions, Research, and Applications. second Edition. Mc Graw
— Hill International
ook Company — London — 1981